# شانۆی کوردی لە هەندەران
# «تیپی شانۆی ئارارات.. ئەزموون و میتود و ئێستاتیکا»

د. فازڵ جاف
(سوید)

جگە لە کوردۆ گەلالی و پشکۆ ناکام و قاسم عەزیز کە ئەکتەری سەرەکی و دامەزرێنەری تیپی ئارارات بوون، هەر لە سەرەتای سالی هەشتا و چوارەوە، کۆمەلێک گەنجی ئارەزوومەند لە تیپ کۆبوونەوە، ئەم گەنجانە ئەو کەسانە بوون کە ئارەزووی شانۆیان هەبوو، بەلام ئەزموونێکی ئەوتۆیان نەبوو، بگرە زۆرینەیان هیچ بەرکەوتەیەکیان لەگەڵ شانۆدا نەبوو، ڕاستتر بلێم پێشتر لە سەر شانۆ ڕانەوەستابوون، هەربۆیە ئامادەبوون و بەردەوامبوونیان، وەک دواتریش دەرکەوت، مسۆگەر نەبوو، بەتایبەتی کە زۆربەیان بێ سەروبەر بوون، نەیاندەزانی شانۆ کاری بێ وچان و هەناسەی درێژی دەوێت، بۆیە بەرگەی ئەو پرەنسیپ و شێوازەیان نەدەگرت کە ئێمە کارمان لەسەر دەکرد.

شێوازی کارکردنمان هەر لە سەرەتاوە نەفەس درێژی و ماندووبوونی دەخواست، هەر لە سەرەتاوە بڕیارمان وابوو، ئەگەر بەهەرمێکمان بەدڵ نەبوو، بەهیچ جۆرێک نمایشی نەکەین، گرنگ نییە چەند پرۆڤە و مەشق لەسەر شانۆییەک دەکەین، خۆ ئەگەر دواجار بۆمان دەرکەوت لەو ئاستەدا نییە نمایش بکرێت، ئەوە دەستبەجێ دەستی لێ هەڵدەگرین، تەنیا حیسابی تاقیکردنەوە و ڕاهێنانی بۆ دەکەین، نەک بۆ خەڵکی نمایشی بکەین.

بەر لە نۆبەرەی تیپ، شانۆگەری گێژەن، جاری وا هەبوو، بە مانگ و دوو مانگ، بگرە بە سێ مانگیش کارمان لە سەر شانۆنامەیەک دەکرد، بێ ئەوەی دواجار نمایشی بکەین، ئەمە هەرچەندە ئاسان نەبوو، بگرە زۆریش لەسەرمان کەوتەوە، بەتایبەتی لەلایەن نەیارانمانەوە، کە بە فیتی سیاسییەکان، خراپ باسیان دەکردین، وایان لە خەڵک دەگەیاند کە هەر قسە دەکەین

و کردارمان نییە.

ئەم ڕێسایە چوار پێنج ساڵی خایاند، لەم ماوە دووورودرێژەدا، لە هەموو پرۆڤەکاندا خەڵکمان بەتەمای نمایشێکی کوردی دەکرد، پاشان لێی پەشیمان دەبووینەوە، من دڵنیام لەوەی کە کەسانێک هەبوون، متمانەیان پێمان نەمابوو، چونکە هەموو جارێک بەتەمامان دەکردن، بەڵام پاش ماوەیەک مەشق و ڕاهێنان، پاشگەز دەبووینەوە و بڕیارمان دەدا پرۆڤەکانمان ڕابگرین، بەڵێ بەمە متمانەی خەڵکێکمان لە دەست دابوو، بەڵام ئەکتەرەکان نە متمانەیان بە من لە دەست دا، نە ورەشیان بەردا، لەلای خۆیشمەوە سپاسیان دەکەم بۆ ئەو نەفەس درێژییەیان، کە ئەو ماوە دووورودرێژە (نزیکەی سێ ساڵ) بە چەندان تاقیکردنەوەدا تێپەڕین، بێ کۆڵدان، بێ بێزاربوون و وەڕسبوون لەگەڵم مانەوە، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، بێ ئەوەی متمانەیان بەرانبەر بە من وەک ڕیژیسۆر لە دەست بدەن، کە بێ گومان لە بڕیاردان بۆ نمایش نەکردنی ئەو شانۆییانە، کەسی یەکەم بووم

ئیدی وابوو، پاش پرۆڤەیەکی زۆر و ماندووبوون بۆ مانگ و دووان، ئەوجار ئەگەر نمایشەکە شایەنی پیشاندان نەبووایە، سووک و ئاسان هەموو شتێکمان هەڵدەوەشاندەوە و کارەکەمان سەرەڕای مەشقێکی زۆر، نمایش نەدەکرد، بۆیە هەموو کەسێک بەرگەی ئەو ستراتیجیەتەی نەدەگرت، گەنجە بێ ئەزموونەکان کە ڕووکەشانە هەواداری شانۆ بوون، هەر زوو لێمان کشانەوە.

ئەو کەسانەی کە بەردەوام وەک چوار کەسی دامەزرێنەری تیپ مانەوە، خۆم و ئەو سێ ئەکتەرەبوون (کۆردۆ، پشکۆ، قاسم)، پاشان جەمال نیزامەددین و فەرمان جاف، ئەمانە کەسانی سەرەکی تیپ بوون، ئەوانە ئەرکی ئەوەیان گرتبووە ئەستۆ، تیپێکی شانۆیی کوردی لە سوێددا هەبێت، تیپێک نمایشەکانی شێوازێکی هونەریی تایبەتی هەبێت، شێوازێک کە شقڵی هونەریی پێوە دیار بێت، لەوەیشدا نەک تەنیا ئاست و ڕادەی چێژی هونەریی کوردانی هەندەران لەبەر چاو بگیرێت، بگرە ڕووی ئەوەی هەبێت بەرهەمەکانی لە ڕووی هونەرییەوە، لە پێش ئەوروپاییەکان نمایش بکات. دیار بوو لەو سەردەمەدا، هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە، چەند




**ڕزگار شێخانی، د. فازڵ جاف، قاسم عەزیز**

گرووپ و تیپێکی شانۆیی کوردی لێرە و لەوێ سەریان هەڵدا، کە ئاستی هونەریی شانۆییەکانیان ئارەزوومەندانە بوو. ئەم گرووپانە کە زۆربەی هەر زۆری ئەندامەکانیان ئارەزوومەند و بێ ئەزموون بوون، بە زۆری سەر بە لایەنێکی سیاسی بوون، کارەکانیان وەک چالاکییەکی سیاسی بوون، پتر لەوەی داهێنانێکی هونەری بێت.

هەر لە یەکەم ساڵەوە کە گەیشتمە ستۆکهۆڵم، ژمارەیەکی زۆر لە دۆست و هاوڕێیان، تەنانەت کەسانێک کە پێشتر نەم دەناسین، پێشنیازیان دەکرد تیپێکی شانۆیی دروست بکەین و نمایشی شانۆیی بە کوردی پێشکەش بکەین، ئەمە بۆ ئێمە هاندانێکی گەورە بوو، هیچ لەوە خۆشتر نییە خەڵک، خەڵکی سادە، نەک شانۆکار، داوای کاری شانۆییت لێ بکەن، بۆیە پێشتر دەمانزانی ئەگەر کاری شانۆیی بکەین، بینەرمان دەبێت. ئەمە ئەو باوەڕەی لەلا دروست کردین کە دامەزراندنی تیپێکی شانۆیی بە ئەرکێکی پێویست بزانین، بەڵام ئەوەشمان دەزانی کە میکانیزمی کارکردنی تیپێکی لەو جۆرە، لە ڕووی فەرمی و داراییەوە ئەوەندە ئاسان نییە، بەتایبەتی بۆ کەسانی وەک ئێمە، کە هێشتا باش ئاشنای یاسا و ڕێسا فەرمییەکانی سوێد نەبووبووین و نەمان دەزانی چۆن کۆمەکی دارایی بۆ تیپەکەمان مسۆگەر

بکەین و چۆن ڕیکلامی بۆ بکەین، یان چۆن جێگەی نمایشکردنی بۆ دابین بکەین.

لە سوێد هەر ڕێکخراوێکی کولتووری بە ئەندازەی ژمارەی ئەندامان و قەوارەی چالاکییەکانی یارمەتی دەدرێت و کۆمەک دەکرێت، واتە ئەو ڕێکخراوانەی کە نیمچە جەماوەرین و ژمارەی ئەندامانی دەگەنە هەزار کەس بۆ نموونە، یان چەند هەزار کەسێک، شانسی کۆمەکی داراییان گەورەترە، دەوجا بیهێنە پێش چاوت، تیپێکی شانۆیی پێنج شەش کەس، دەتوانێت چ کۆمەکێک بەدەست بهێنێت!

دەبوایە ژمارەی ئەندامانمان گەلێک زۆر بێت، ئەمەیش بۆ تیپێکی شانۆیی گونجاو نییە و دەست نادات، بۆیە بە باشمان زانی کۆمەڵێکی کولتووری پێکبهێنین، کە ژمارەیەکی زۆرتر ئەندامی هەبێت، ئەوانەیش بگرێتە خۆی کە ئارەزووی چالاکی ڕوشنبیری دەکەن، ئیتر ئەدەب بێت، یان هونەر، ئەو کاتە ئەو کەسانە هاوکات دەبنە دۆست و پاڵپشتی تیپە شانۆییەکە، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٥ کۆمەڵی هونەری کوردیمان دامەزراند. هەر لە یەکەم کۆبۆنەوەی کۆمەڵەکە، ژمارەیەکی زۆر کوردی سوێد ئامادەبوون، پاش تاووتوکردنی مەبەست و ئامانجەکانی کۆمەڵەکە، یەکەم دەستەی بەڕیوەبردنی کۆمەڵەکەمان هەڵبژارد، دەستەکە بریتی بوو لەم ناوانە: فازڵ جاف، کوردۆ گەلالی، قاسم عەزیز، جەمال نیزامەددین، ڕزگار شێخانی، فەخرەددین تاهیر، ماهیر عەلی.

دامەزراندنی کۆمەڵی هونەری کوردی بە مەبەستی ئەوەبوو کە تیپی شانۆی ئارارات بگرێتە خۆی، واتە هەر لە ناو کۆمەڵەکەدا تیپی ئارارات بتوانێت کارە شانۆییەکانی خۆی ئەنجام بدات و کەسانی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵەکە پشتگیری و کۆمەک و هاریکاری کارە شانۆییەکانمان بکەن. لەوەیش گرینگتر ئەوەبوو کە چەند چالاکییەکی هونەری جۆراوجۆر ساز بکەین و بە داهاتەکانی، بودجە بۆ نمایشەکان دەستەبەر بکەین، لە ماوەیەکی کورتدا کۆمەڵ چەند چالاکییەکی هونەریی لە بواری مۆزیک و کۆنسێرتدا ساز کرد، بەم شێوەیە توانیمان دەستکەوتێکی دارایی بۆ نمایشەکانمان مسۆگەر بکەین.

گرینگترین چالاکی کۆمەڵی هونەری کوردی لە بواری چاپکردنی ئەدەبیاتی شانۆ بوو، ئەوەبوو کۆمەڵ گۆڤاری شانۆی دەرکرد، ئەوەندەی من بزانم ئەو گۆڤارە یەکەمین گۆڤاری کوردی بوو لەبارەی هونەری شانۆوە دەرچووبێ، گۆڤارەکە کە تەنیا چوار ژمارەی لێ دەرچوو، تایبەت بوو بە وەرگێرانی ئەدەبیاتی شانۆ.

هەر لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوەوە، کۆمەڵ چەند شانۆنامەیەکی بەچاپ گەیاند، لەوانە شانۆنامەی (تارمایی مارت)ی نووسەری سوێدی ستیگ داگرمان، هەروەها شانۆنامەی (باوک)ی ئۆگست ستریندبێرگ، کە کوردۆ گەلالی لە سوێدییەوە کردبوونی بە کوردی، ئەمە جگە لە شانۆنامەی (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە) کە سمکۆ ناکام لە فەڕەنسییەوە کردبووی بە کوردی.

کۆمەڵ هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە، بە پێی توانایی خۆی، بایەخێکی باشی بە وەرگێڕانی شانۆیی دا، ئەمەیش بەڕوونی لەو چوار ژمارەیەی گۆڤاری شانۆدا دەردەکەوێت، کە چەند شانۆنامەیەکی وەرگێڕاوی گرتووەتە خۆی، لەوانە چەند شانۆنامەیەک بۆ منداڵان، کە دەکرێت بڵێین بۆ یەکەم جار سەرنجی خوێنەرانمان بۆ ئەدەبی شانۆی منداڵ لە ناو ئەدەبیاتی سوێددا ڕاکێشا، هەر لە بواری ئەدەبیاتی منداڵدا، کۆمەڵ ڕۆمانی (میو جگەرگۆشەکەم)ی نووسەری بەناوبانگی سوێدی خاتوو ئەسترید لیندگراینی بە کوردی چاپ کرد، ئەم ڕۆمانە جیهانییە بەناوبانگە ڕەوانشاد مەحموود زامدار لە عەرەبییەوە کردی بەکوردی، دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەم کتێبە یەکەم کتێب و دوا کتێب بوو، کە لە زمانی دووەمەوە وەرگێڕدرابوو، دەنا تەواو دژ بەوە بووین بابەتگەلێک چاپ بکەین، کە لە زمانی دووەمەوە وەرگێڕدرابێت، تاکە بیانووشمان بۆ چاپکردنی وەرگێرانەکەی زامدار، تەنیا جوانی و پاراوی و سادەیی زمانەکەی بوو. هەر پاش میو، کۆمەڵ کتێبی (کەرنامەی) بۆ زامدار چاپ و بڵاوکردەوە، ئەمە جگە لە چەند کتێبێکی دیکە.

ڕەنگە زۆر بڵێی نەبێت، ئەگەر بڵێم، کۆمەڵی هونەری کوردی لە ستۆکهۆڵم ڕۆڵێکی کولتووری باشی لە نێو کوردانی ستوکهۆڵمدا گێڕا، هاوکات بەپێی ئەو پلان و نەخشەیەی کە بۆی دانرابوو، ڕێگەخۆشکەر و پاڵپشت بوو بۆ کارە شانۆییەکانی تیپی شانۆی ئارارات لە ساڵانی داهاتوودا.



**ئەو ئەندامانەی خۆیان بۆ یەکەم دەستەی کارگێڕی کۆمەڵە هەڵبژارد.**

## تیپی شانۆی ئارارات و هەنگاوەکانی سەرەتا

هەروەک پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد، ئارارات بە چەند ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکدا ڕەت بوو، کارمان لەسەر چەند شانۆییەک کرد، بەبێ ئەوەی بگاتە نمایش، ئەم ئەزموونانە هەرچەندە لە ئاکامدا نەگەیشتنە فۆرمی کۆتا و بۆ بینەران نمایش نەکران، بەڵام لە پرۆسەی سۆراخ و گەڕان بە دوای زمانێکی شانۆیی تایبەت بە تیپەکە بایەخێکی زۆری هەبوو، هەموو ئەزموونەکان بە مەبەستی ئەوەبوون کە تیپ بە شێوەیەک خۆی بنوێنێت و کارەکانی نمایش بکات، بیسەلمێنین ئێمە وەک تیپ، خاوەنی پرۆفیل و شێواز و مۆرکی تایبەتی خۆمانین. ڕاستە زۆر جار ئەم ئەزموونانە دەبوونە مایەی نیگەرانی و دوودڵی، بەڵام بۆ کەسمان نەبوو بە مایەی نەهامەتی و ساردبوونەوە.

یەکەم شانۆیی کە بوو بە هەنگاوی سەرەتای ئەزموونمان، شانۆیی (جیهان لە سەر شانۆیەکی بچووک)ی نووسەر ئەناتۆلی شڤایک بوو، کە ڕەوانشاد شێرکۆ بێکەس لە کۆتایی حەفتاکاندا کردبووی بە کوردی، خۆم ئەم نمایشەم بۆ قوتابیانی زانکۆی سلێمانی دەرهێنا، ئەوەبوو لە فیستیڤاڵی زانکۆکانی عێراقدا، کە لە زانکۆی بەسرە ساز کرا، خرایە سەر شانۆ. لە کتێبەکەمدا ئەزموونی ڕێژیسۆرێک لە سلێمانییەوە تاکو ستۆکهۆڵم، بە وردی باسم کردووە، بۆیە پێویست ناکات لێرەدا دووبارە بابدەمەوە سەر ئەو شانۆیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێ ئەوەیە کە من دیسانەوە بام دایەوە سەر ئەو شانۆییە، ئەم شانۆنامەیەم بۆ یەکەم بەرهەمی تیپە شانۆییەکەمان هەڵبژارد.

## باشە بۆ ئەو شانۆنامەیە؟

دیارە هۆکاری سەرەکی ئەوەبوو کە ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان لە دەوری تیپەکەمان کۆ بووبوونەوە، بۆ ئەم مەبەستەیش دەمانویست زۆربەی ئەو گەنجانە بەشداری بکەن و ڕۆڵیان بەر بکەوێت، شانۆنامەکە دەقاودەق بۆ ئەم مەبەستە دەگونجا، هەرچەندە وەرگێڕان و ئامادەکردنەکەی (شێرکۆ بێکەس)مان لە بەردەستدا نەبوو، پەیداکردنیشی لەو سەردەمەدا مەحاڵ بوو، چونکە هیچ پێوەندییەکمان لەگەڵ کوردستاندا نەبوو، ناچاربووم خۆم دووبارە وەری بگێڕمە سەر زمانی کوردی و سەرلەنوێ بە شێوازێکی جیاواز بۆ شانۆ ئامادەی بکەمەوە.

ڕەنگە ئامادەکردنەکەی من لەوەی شێرکۆ بێکەس چاکتر نەبووبێت، بەتایبەتی زمانی وەرگێڕانەکەی شێرکۆ بێکەس، وەک لە کتێبەکەدا باسم کردووە، زۆر نایاب بوو، بەڵام دەتوانم بڵێم کە من هەوڵم دا شانۆنامەکە بە شێوازێکی جیاواز ئامادە بکەم، شێوازێک کە ببێت بە ئاوێنەی ژیان و خەونەکانی توێژی گەنجان، ئەوانەی کە لە میانەی گەشتێکی سەرکەشانەی دوورودرێژی پڕ مەترسی خۆیان گەیاندبووە ئەورووپا، ئایا چۆن خەون و ئامانجانیان بەدی دێنن؟

ئێستا سەختە بزانم چەند لەو ئەرکەدا سەرکەوتوو بووم، بەڵام دەتوانم بڵێم کە من بە شێوازێکی جیاواز و بە دیدگایەکی جودا، جارێکی تر دەستم بۆ ئەو شانۆییە برد، ئەو کات و سەردەمە دەمویست بە بۆچوون و دیدێکی دیکەوە ڕەفتار لەگەڵ تێکستەکەدا بکەم، دەمویست خەون و خولیای لاوان و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئاستەنگ و کۆسپەکانی ژیانی ڕۆژانە بەرجەستە بکەم، یان بەلانی کەمەوە ئەوە مەبەست و ئامانجی من بوو، لەم پرۆسەیەشدا هەوڵم دابوو، داڕشتنەوەی دراماتۆرگیانەی دەقەکە بە شێوازی ڕێژیسۆر دابڕێژم، لە هەموو دیمەنێکدا ئەوەندەی بیرم لەوە دەکردەوە کە وەک ڕێژیسۆر چۆن بێت و چۆن نمایش بکرێت، ئەوەندە بیرم لە لایەنە ئەدەبییەکەی نەدەکردەوە، یان ڕوونتر بڵێم لە ئامادەکردنەوەی شانۆییەکەدا، هەوڵم دەدا زیاتر وەک

دەرهێنەر بیـر بکەمـەوە، ئەم شـێوازە وەک دواتر بۆم دەرکەوت، پتر بۆ سینەما دەست دەدات، نەک بۆ شانۆ، هەر ڕیژیسۆرێکیش بڕوای بە پێچەوانەکەی هەبێت، واتە دیمەنەکـان وەک سـیناریۆی دەرهێنان دابڕێژێت، بینەری ڕاسـتـەقـینە، بینەری هۆشیـار و بەئاگـا ئەم خـەوش و لاوازییەی بەسەردا تێناپەڕێت، ئەم شێوازە ڕەنگە چێژ بە چاوی بینەر ببـەخشـێت، تا ئەندازەیەکیش وروووژێنەر و فـریـوەدەر بێت، چونکە ڕاسـتـیـیـەکـەی هەر بۆ ئەو مەبەستەش بەو جۆرە داڕێژراوە، بەلاّم مێشک و ڕوح و هەستی، درک بە ڕووکەشی نمایشەکە دەکەن.

هەر پاش خـوێندنەوەی دەقـەکـە و تاووتوکـردنی گـەیشـتـینە ئەو باوەڕەی کـە باشـتـر وایە ئەو پرۆژەیەش بەلاوە بنێین. دیارە دوو هۆکـاری سەرەکی وای لێکردین دەست لـەم کـارە هەڵگرین، یەکـەمـیـان ئەوەبوو هەر زوو بۆمـان دەرکـەوت کـە ئەو ژمـارە زۆرەی دەیانـووسـت بەشداری تێدا بکەن، لە پرۆڤە و مەشقەکاندا بەرگەی ئەو دیسپلین و جددییەتەیان نەدەگرت کە پیادەم دەکرد. هۆکـاری دووەمیش ئەوەبوو کە شانۆنامەکە بۆ من وەک دەرهێنەر ئەو خـواسـتـە هونەرییـەی نەدەهێنایە دی کـە مەبەستم بـوو، بەتایبەتی من پێشتـر وەک باسم کرد، لە کـوردسـتـان کارم لـە سـەر کردبـوو، بەلاّم لەو بارودۆخـەی سـتـۆکـهـۆڵمی سـەرەتای هەشـتـاکـاندا، هەسـتم دەکـرد، پێوەندی دەروونـی و زەینیم بە تێکسـتـەکەوە لاواز بووە، بۆم دەرکـەوت کـە خـولیـا و خـەمـەکـانی ئەو ڕۆژگـارەم جـۆرێکی دیکە بوون، زۆر لـە خـەمی ژیانی هەندەرانم جیاوازتر بوون، بە کورتی هەستم بەوە دەکرد کە تێکستی شانۆنامەکە ئیدی لێم دوور کەوتۆتەوە.

پاش ئەم تاقـیـکردنەوەیە بۆچوونێکی دیکە هاتە ئاراوە، گوایە باشتر وایە بە تێکستێکی کوردی، وەک دەڵێن خۆمـاڵی، نمایش بکەین و تیپـەکـەمان بە کـوردی سـوێد بناسـێنین. بەشـبـەحـاڵی خـۆم هەر لە سـەرەتاوە ئەوەندە لـەگـەڵ ئەم بۆچوونەدا کـۆک نەبووم، تاکـو بە جۆشوخرۆش و ئارەزووەوە کـار لە سـەر شانۆنامـەیەکی کوردی بکـەم، چونکە هەر لە سەرەتای لاوێتیمـەوە، بێ ئەوەی پێویستیم بە خوێندنەوەیەکی ئەوەندە قووڵ بێت، دڵنیـابووم لەوەی کە شـانۆنامـە کـوردییـەکـان بەگشـتـی لاوازن و شایسـتـەی ئەوە نین دەرهێنەر خۆی پێیـانەوە سـەرقـاڵ بکات، بەلاّم برادەرانمان شـانۆنامـەی (لێـبـوک داستانی مەم و زین دەگێڕێتەوە) لە نووسینی ئیبراهیم سەلمان یان پێشنیاز کرد.

کـوردۆ گـەلاّلی شـانۆنامـەکـەی بە دیالێکتی کـرمـانجی ناوەڕاست نووسـیــیــەوە، دیارە خــوێشم لە ڕووی درامـاتۆرگـیـیـەوە پێـیـداچووەمـەوە، ئەوەی ڕاستی بێت شـانۆنامـەکـە بە شـێـوەزاری سـۆرانیش، شـێـوازە درامایییەکەی خۆی لە دەست نەدا، بەلاّم پاش چەندان ڕۆژ لە پرۆڤـە و مـەشقکردن، گـەیشـتـینە هەمان باوەڕ کە ئەم شـانۆنامـەیەش ئەو مـەبەسـتـە بەدەسـتـەوە نادات کـە بە دوایدا وێڵین.

شانۆنامەی فایلی شەست و حەوتی ئیسماعیل فەهد ئیسـماعیل کە ڕەوانشاد عوسمان چێوار لە عەرەبییەوە کـردبووی بە کـوردی، تاقیکردنەوەی سێیـەمـان بوو، ئەم شانۆنامـەیە سیاسی بوو، باس لە چەوساندنەوەی تاک دەکات کە چۆن لەلایەن ڕژێمەوە دەچەوسێنرێتەوە. بابەتی شـانۆنامـەکـە بۆ ئەو سـەردەمـە گـونجـاو بـوو، ژمـارەی ئەکـتـەرەکـانی کـەم بوون، لە نێـو ئەو شـانۆنامـانەی کـە کـارمـان لە سەر کردن و نەگەیشتنە نمایش، ڕەنگە بتـوانم بڵێم ئەم شانۆنامەیە لە هەموویان زۆرتر کار و ڕاهێنانی لە سەر کـرابێ. هەرچۆنێک بێت ئەم پرۆژەیشـمـان بەلاوە نا، پاش هەمـوو پرۆڤـە و ڕاهێنانەکـان، گـەیشـتـمـە ئەو باوەڕەی کـە شـانۆنامـەکـە لە ڕووی فـۆرم و سـتـیلەوە چەقـبـەسـتـووە، بواری ئەوەی تێدا نیـیـە وەک ڕیژیسـۆر کـارێکی هونەریی داهێنەرانەی تێدا بکەم. ڕەنگە بڵـێن باشە بۆچی ئەم شانۆنامەیەت هەڵبژارد؟ یەکەم هۆکار کە منی بەرەو ئەو شـانۆنامـەیە ڕاکـێشـا شێـوازی توندوتۆڵی گێڕانەوەی چیرۆکەکە بـوو، کە دەکرا هۆش و ئاگـایی و سـەرنجی بینەر ڕابکێـشـێت. باشـە ئایا ئەمـە بەسـە بۆ سەرکەوتنی شانۆنامـەیەک؟ نەخێر، بەلاّم ئەو کـات ئەم ڕاستییـەم نەدەزانی کە دەرهێنەر نابێت لە بەر تەنیا یەک هۆکـار شـانۆنامـەیەک بۆ نمایش هەڵـبـژێرێت، واتە نـابێت شـانۆنامـەیەک هەڵـبـژێرین تەنیـا لەبەر ئەوەی بۆ نموونە زمـانەکـەی جـوانە، یان ژمـارەی ئەکـتـەرەکـانی کـەمن و ڕۆڵەکـانی بۆ ئەکـتـەرانی تیـپـەکە دەگـونجێن، یان تەنیـا لەبەر ئەوەی بابەتەکەی لەگەڵ ئەمڕۆدا دەگونجێت!

شـانۆنامـەی باش یەک جـار دەنووسـرێت، ئیـدی بۆ ئێـسـتـا و بۆ هەمـوو سەردەم و دەورانێک دەست دەدات، خوای دەکرد وەک شانۆنامەکانی سـەردەمی یۆنانییەکان،

سێ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا نووسرابن، بەڵام بۆ هەموو کاتێکیشن، بەڵگەیشم شانۆنامەکانی سەردەمی یۆنان و سەردەمی ئیلیزابیسە، شانۆنامەکانی شەکسپیر، مولێیر، ئیبسینە، تاد.. کە هەمیشە زیندوون، یەک جار نووسراون، بەڵام بۆ هەموو سەردەمێک، بۆ ئێستا و هەموو رۆژێک، بۆ هەموو توێژ و کۆمەڵێک نووسراون، شانۆنامەی خراپیش، گرینگ نییە، کە ئەمڕۆ و ئێستا نووسرابێت، نە بە کەڵکی ئەمڕۆ، بە کەڵکی ئاییندە، نە بەکەڵکی ئەم کۆمەڵە و نە بە کەڵکی کۆمەڵانی دیکە دێت، نموونەیشمان لەو جۆرە شانۆییانە زۆرە، پەکیشمان لە سەر نموونە هێنانەوە نەکەوتووە.

دوا شانۆنامە لە لیستی ئەو شانۆنامانەی کە پرۆڤە و مەشقمان لەسەر کرد، بێ ئەوەی نمایش بکرێت، شانۆنامەی (پاریا)ی نووسەری سویدی ئۆگست ستریندبێرگ بوو، بۆ وەرگێڕانی تێکستەکە، داوام لە هاوڕێم شاعیر و ئەدیب مامۆستا فەرهاد شاکەلی کرد کە شانۆنامەکەمان لە سویدییەوە بۆ بکات بە کوردی، زۆری نەبرد شاکەلی وەرگێڕانەکەی تەواوکرد، کە بۆ یەکەم جار شانۆنامەکەم بە کوردی خوێندەوە، گەلێک بە زمانی وەرگێڕانەکە، بە دەستپاکی و وردەکاریی شاکەلی سەرسام بووم، بەڕاستی ئەو وەرگێڕانەی شاکەلی یەکێکە لە وەرگێڕانە هەرە جوانەکانی شانۆنامەی ئەورووپی بۆ سەر زمانی کوردی، من هەر ئەو کات ئەم ڕایەی خۆم بە شاکەلی گوت.

شانۆنامەی پاریا تەنیا دوو پیاوی بەتەمەن ڕۆڵی تێدا دەبینن، شانۆنامەکە ئەوەندە ڕووداو و دراما ناگرێتە خۆی، پێویستە دوو ئەکتەری خاوەن ئەزموونی بە سەلیقە ڕۆڵەکان نمایش بکەن، منیش وەک دەرهێنەر ئەزموونی ئەو جۆرە شانۆییەم نەبوو، شانۆنامەکە جووڵەی کەمی تێدایە، دۆخی سایکۆلۆژی چەقبەستووە، پشتبەستنی تەواو بە تێکست و وشە و ئاخاوتن و مۆنۆلۆگ و وردەمانای شاراوەی بن دێڕ، ڕەهەندی سەرەکی شانۆنامەکەن، ئەمەیش بۆ ئەوکاتی ئەکتەرەکان، تەنانەت بۆ خۆیشم وەک ڕێژیسۆر ئاسان نەبوو. بە کورتی بۆمان دەرکەوت دەرەقەتی شانۆنامەکە نایەین، بۆیە پاش ماوەیەک لە پرۆڤەکردن، بڕیارمان دا ئەو دەقەیش بەلاوە بنێین.

**دەرهێنەرکە مردووە!**

هەر پاش پاشگەزبوونەوەمان لە یەکێک لەو پرۆژانە، دەمەو ئێوارەیەک کوردۆ گەلاڵی تەلیفۆنی بۆ کردم، زۆر نیگەران بوو، بگرە تا ڕادەیەک تووڕەیش بوو، گوتی: ئەم ئێوارەیە هاتم بۆ هۆڵی ئا بی ئێف، گوایە شانۆییەکی کوردی پێشکەش دەکرێت، هەر کە چوومە ناو هۆڵەکەوە، شتێکی زۆر ناشیرینم بینی، شتێک تەواو تووڕەی کردم.

کوردۆ گوتی: کە چوومە ناو هۆڵەکەوە، تەماشام کرد لافیتەیەکی گەورە لە پێشی شانۆکە هەڵواسرابوو، نووسرابوو (دەرهێنەرە بەتواناکە مردووە و ئەکتەرەکانیش ڕۆیشتوون گۆڕی بۆ هەڵ کەنن)

– باشە مەبەستیان لەو نووسینە چییە؟

– مەبەستیان ئەوەیە کە ئێمەی ئەکتەرەکانی ئارارات لە دەوری تۆدا کۆبووینەتەوە، تۆش هیچ ناکەیت!

گوتم: پێویستی نەدەکرد بڕۆیت نمایشێک ببینیت کە پێشتر دەتزانی خراپە، تۆ دەزانیت نە نووسەرەکە نووسەرە، نە دەرهێنەرەکە دەرهێنەرە، نە ئەکتەرەکان ئەکتەرن، تەنانەت بینەرانیش بینەری حزبین.

گوتم: هەرچۆنێک بێت، داخی ئەوەیان لە دڵە کە من کاریان لەگەڵ ناکەم، کە من شانۆ بۆ هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی ناکەم!

هەر پاش ماوەیەک کە شانۆنامەی (گێژەن)مان نمایش کرد، ئەو کەسانە تێگەیشتن بۆچی پەلەمان نەدەکرد، بۆچی پێویستمان بە کات و وزە بوو، بە سۆراخ و پشکنین و تاقیکردنەوە بوو، ڕاستییەکەی دەبوایە زمانی شانۆیی تایبەت بە خۆمان دابڕێژین.

گێژەن کلیلی ئارارات بوو بۆ جیهانی نمایش.